# بانگەواز

## بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ناووەوو دەرەووەی وڵات

بە درێژایی مێژووی خۆی، ناوچەی گەرمیان هەمیشە خاوەنی دوو تایبەتمەندی دیار بووە، ئەوانەیش: لە خەباتی چەکدارییی گەلەکەماندا نەترس و قوربانیدەر و لە پێگەیاندنی عەقڵی بیرکەرەووەو خاوەن قەڵەمیشدا بوێر و بە ویژدان.. لێرەوە مەغزای ئەم بانگەوازە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز دەردەکەوێت و گەرمیان و گەرمیانییەکانیش چاك لەوە دڵنیان، کە هەموو لایەك ئەوانیان لە بیرە..

ڕۆژنامەنووسان.. نووسەران.. ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموو لایەکی کوردستان و دونیا..

خۆرنەوەزان نیومانگییەکی گشتی ئازادە و کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس و نووسەری شاری کفری بێئەوەی ( پیاوی کەس بن و کەس پیاویان بێت )، بەبێ هیچ بەرامبەرێك، بۆ ماوەی چوار ساڵە بێدابڕان وەك (یەکەمین ڕۆژنامەی مۆڵەتپێدراوی گەرمیان) ٦٨ ژمارەیان لێدەرکردووە و هەمیشە ڕووپەڕی لاپەڕەکانی جێگەی بڵاوکردنەوەی خەم و داوای هاوڵاتیان بووەو هەروەك لە پاڵ ئەوەشدا بایەخێکی گرنگی بە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی گەرمیان داوە، بەدەر لەوەی ٢٧ ژمارەی پاشکۆی (صدى گرميان)ی بە عەرەبی دەرکردووە، بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیشدا بڵاودەبێتەوە، ئێستە لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەوانی گەرمیاندا، خۆرنەوەزان دەبێتە هەفتەنامەو لە (٢٠٠٦/١٢/٣)ەوە هەموو ڕۆژانی یەکشەممەیەك دەردەچێت.. ئەم هەنگاوەی ئێمە، بەو پێیەی لە ناوچەیەکی دوورە دەست و پەراوێزخراوی وەك گەرمیاندا پێیهەڵدەستین، ئاسان نییە، بۆیە پێویستمان بە هەموو جۆرە دەعم و پشتگیرییەکی ئێوەی بەڕێز هەیە.. چ بە نووسین و وتار و بابەت و پێشنیارەکانتان چ بە دەعمی ماددی کەم و زۆرتان بێت.. ئەم بانگەوازەیش لەو ڕوانگەوەیە، کە خۆرنەوەزان هەمیشە ماڵی خەڵك و ڕۆشنبیران بووەو بێ ئێوە و ئەوان، ئێمەیش چ کارێکی ئەوتۆمان نییە بیکەین.

چاوەڕوانی هیممەتی دڵسۆزانەتانین..

ستافی

نیومانگی خۆرنەوەزان


بۆ پێوەندیکردن:

مۆبایل ئاسیا: 07701411510 یان 07701977953

مۆبایل سانا: 07301533698 یان 07301533704

ئیمەیڵ: xornewezanpress@yahoo.com

sedagermiyan@yahoo.com

www.xornewezan.com